# دایکان و باوکانی بەڕێز،

**ئێمە خۆشحاڵین، کە بەڕێزتان ژووری چاوەڕوانی پەڕتووکخانەی شاری ڤیتلیش بەکار دەهێنن.**
**ژوورەکە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە، یارمەتی بەڕێزتان بدات ماوەی چاوەڕوانیتان پێکەوە**
**لەگەڵ منداڵەکانتاندا بەشێوەیەکی بەسوود و ئارام بەسەر ببەن.**

**منداڵەکەتان پێیخۆشدەبێت، ئەگەر بەڕێزتان کات بە خۆتان بدەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵەکەتان پێکەوە پەڕتوکەکان سەیر بکەن و دەربارەیان بدوێن. بەدەم ئەوەوە بەڕێزتان کارێکی گەلێک مەزن ئەنجام دەدەن بۆ دەوڵەمەند کردنی گەنجینەی ووشەکانی و تواناى لەخۆدەرڕینی منداڵەکەتان. هەروەها بە بۆخوێندنەوەتان بۆی، تواناى ووردبوونەوەی و فێربوونی بەشێوەیەکی گەمەیی پێشدەکەوێت.**

**لە پەرتووکخانەی گشتیدا گەلەک میدیای جۆراوجۆری تر هەن:**

**.. بەشێکی گەورە تایبەتە بە منداڵان،**
**.. بەشی ڕۆمان،**
**.. بەشی پەڕتووکی زانستیی گشتی و کۆی بابەتەکان بۆ تەمەنداران،**
**.. بەشی پەرتووکی زمانە بیانییەکان،**
**.. بەشی گۆڤارەکان،**
**.. بەشی یارییە کۆمەڵایەتییەکان،**
**.. کۆرسەکانی زمان،**
**.. بەشی CD،**
**.. بەشی DVD،**
**.. بەشی یاری کۆمپیوتەر،**

**ناونووس کردن و بە قەرزوەرگرتن بۆ منداڵان بێ پارەیە. ئابوونەی ساڵانە بۆ تەمەنداران 20€ ( داشکاو 10€).**

**دە وەرن جارێک بەڕێزتان پێکەوە لەگەڵ مناڵەکەتاندا بۆ پەڕتووکخانەی گشتی و سەرێکیش لە ئێمە بدەن با بە یەکتر ئاشنا ببین!**

**پەڕتووکخانەی گشتی شاری ڤیلیش/ شەقامی شلۆس 10/ 54516 ڤیلیش/ تەلەفۆن 27036 (06571)**

**<u>کاتەکانی کردنەوە:</u>**

**سێشەممە: کاتژمێر 11.00 تا 19.00 هەینی: کاتژمێر 09.00 تا 17.00**

**چوارشەمە و پێنجشەمە: کاتژمێر 11.00 تا 17.00 شەممە: کاتژمێر 09.00 تا 14.00**